بکوژی خواناس: پەشیمان نییم لە کوشتنی خواناس وریا

ئەمە دووەم ڕۆژی دانیشتنی دادگایکردنی کەیسی خواناس وریا کە لە ڕۆژی 22ـی حوزەیرانی 2023 لە ناو بازاڕی چەمچەماڵ درایە بەر دەستڕۆژی گوللە و گیانی لەدەستدا.

بەهار مونزیر، چالاکوانی بواری ژنان و بەرەوەبەری ڕێکخراوی خەڵك بە گەشەپێدان، ئەمە دووشەممە لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویکردەوە، "ئەمە دووەم ڕۆژی دانیشتنی دادگا بوو سەبارەت بە تاوانی تیرۆرکردنی خواناس وریا کە لە 22ـی حوزەیرانی 2023 لە ناو بازاڕی چەمچەماڵ درایە بەر دەستڕۆژی گوللە و گیانی لەدەستدا، ئەمرۆ بە ئامادەبوونی خێزان و کەسوکاری و 5 پارێزەر، ڕێکخراوەکان، داکۆکیکاران لە ماف و ئازادی لە کوردستان لە دادگای تاوانەکانی سێی دادگای شاری سلێمانی دانیشتنی دووەم بەڕێوەچوو.

دەشێت، ووتەی تەمەتباری تاوانەکە وەرگیرا، چەندین پرسیاری لێکرا سەبارەت بە تاوانەکە، بکوژ لە وەڵامدا 23 جار دەیوت من مەلا (فەان) هانی نەداوم، هیچ کەس هانی نەداوم بە ئەم کوشتنە تەنها خەم بووم وە بە تەنها بیرم لێکردەتەوە و بە تەنها تاوانەکەم ئەنجامداوە.

بەهار مونزیر ڕاشیگەیاندووە، "پرسیاری داواکاری گشتی و پارێزەر خەبەرخشکانی ڕێکخراوەکان وورد بوو، ئەم هەموو بابەتە لەگەڵ گریانی دایکی خواناس تەکەڵاو بوو کە بکوژ باسی وردەکاری کوشتنەکە و

شانەیەکی بچوکی دروستکردبوو بە جووتو بە قسەکردن دەیگۆڕایەوە، ئەمە لەگەڵ بوونی دەنگی ئازاد و ئازادی دەربڕین و ڕا دەربڕیندایە، هەمان کات نیگەرانیە لە کاریگەری ئەو گوتارانەی بەم ڕۆژە بردین و بە پەویستی دەزانین هەوڵستی گشتی دروست بکەین، بەرامبەر بەم جۆرە لە کوشتن کە لە کودستان هەبووە، بەتام کەم بووە لە ڕابردوودا.

وتیشی: "بەڕۆژ بکوژ وتی من لەسەر باوەڕ کوشتم و تەواو، کوشتم من کوشتم من کاریگەر بووم بە مەلایەک لە سعودیە وە لە ئیفادەی یەکەمی کە لە دادگا بە گرنگترین ئیفادەی ئەژمار دەکرێت باسی مەلاکەی ئەرەشی کردووە کە لە ژێر کاریگەری ئەودا بووە".